# چەند سەرنجێك لەسەر هەفتەی هەڵوێستی ژنان



## ئارام سدیق

پرسی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا تا هەنووکە لەسنورێکی دیاریکراودایەو نەیتوانیوە سنووره قەدەغەکراوەکانی کۆمەڵگە ببڕێتو سنورێکیش بۆ ئەو هەموو دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی ژن دابنێت، ئەو دەیان رێکخراوەی ژنان ئەگەر چی بوونیان لەنەبوونیان باشترە، بەڵام بوونیشیان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پرسی ژن لەکۆمەڵگەی ئێمەدا نەبووە، چونکە ئەگەر بکارو چالاکییەکانی ئەو رێکخراوو سەنتەرانەدا بچینەوە دەبینین ئەو کارانەی ئەوان کردوویانە نەك لەئاستی پێویستدا نین، بەڵکو لەئاستێکی نزمی خزمەتکردنی دۆزی ژندان، بۆیە بەر لەهەر شتێك کۆمەڵگەی ئێمە زۆرترین پرسێکی نەهامەتیەکانی بەرکەوتووە.

لەچەند هەفتەی رابردوودا سەرجەم رێکخراوو سەنتەرەکانی ژنان هەفتەیەکی کارو چالاکیان دەست پێکرد بەناوی (هەفتەی هەڵوێست) وەکو هەڵوێست وەرگرتنێك لەئاست ئەوەی لەکابینەی نوێی حکومەتی هەرێمدا لەکۆی (٤٢) وەزارەت تەنها وەزارەتێك بۆ ژنان تەرخان نەکراوەو نیوەی کۆمەڵ لەکابینەی نوێدا پشت گوێ خراوە. قسەی من لێرەدا لەسەر چۆنێتی کارکردنە لەم هەفتەی هەڵوێستەدا، چونکە پێموایە ئەم هەفتەیە هەفتەی هەڵوێست نەبوو بەرامبەر پرسی ژن لەکابینەی نوێدا(کەدەبوایە وابوایە) بەڵکو هەفتەی دووبارە خۆناساندنەوەی رێکخراوو سەنتەرکانی ژنان بوو، چونکە ماوەی چەند ساڵێکە ئەوان لەپەراوێزێکی زۆر تەسکدا کار دەکەنو نەیانتوانیوە نەك خزمەت بەنیوەی کۆمەڵ بکەن، بەڵکو خزمەت بە سەرەتاترین مافەکانی ئەو ژنانەش بکەن کە لەو رێکخراوو سەنتەرانەدا کار دەکەن. هەفتەی هەڵوێست، نەك نەیتوانی رای گشتیو دەسەڵاتی کوردی لەپرسی ژن ئاگادار بکاتەوە، بەڵکو نەیتوانی لە کەمترین ئاستدا خزمەت بەژنانو پرسە گرنگەکەیان بکات، چونکە کاتێك بڕیاری هەفتەی هەڵوێست درا کابینەی نوێی حکومەتی یەکگرتوو پێکهاتبوو هیچ رێگەیەك نەمابوو بۆ تەعدیل کردنو زیاترکردنی وەزارەتی نوێ، چونکە دەزانین چەند ساڵێك گفتوگۆو سوێند خواردنو هاتووچۆ ئەوسا حکومەتێکی یەکگرتووی چلو دوو وەزیری لێکەوتەوە کە دەستکاری کردنو تەعدیلکردنی کارێکی تا سەر ئێسقان مەحاڵ بوو، واتە هەفتەی هەڵوێست لەسەرەتای کارەکانیەوە ئەوە روون بوو کە ناتوانێ هیچ لە بارودۆخەکە بکاتو کاریگەریشی بۆ سەر ئەو کابینەیە هەبێت.

سەرنجێکی تری من لەسەر هەفتەی هەڵوێست ئەوە بوو کە پاش ئەوەی هەفتەکە تەواو بوو ئەو رێکخراوو سەنتەرانەی ژنان هیچ بەیاننامەیەك، یان روونکردنەوەیەکیان نەخستە روو تا بزانین دەستکەوتی ئەو هەفتەیان چی بووە، ئایا چ وەڵامێکیان لەلایەن دەسەڵاتەوە دراوەتەوە، هەروەها دەبوایە لانی کەم کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیان بۆ روونکردەوەو کارو چالاکیان لەو هەفتەیەو داهاتوودا بخستایەتە روو، واتە ئەو هەفتەیە نەك هەفتەی هەڵوێست نەبوو، بەڵکو هەفتەی بێ هەڵوێستی بوو تەنها گەرمکردنی بازاڕی پۆستەر چاپکردن بوو هیچی تر.

دواجار ئـەوەی دەمـەوێ سـەرنجی وردی بخەمـە سـەر ئـەوە بـا لەئێـستاوە هەڵوێـست وەربگـرن لەسـەر کابینـەی داهـاتوو ئەگـە دەیانـەوێت وەزارەتێـك هـەبێت بـۆ کاروبـاری ژنـانو خزمـەت بـەژن بکـات، نـەك کـە کابینەکـە جێگیر کـراو نـاوی وەزارەتـەکان بڵاوکرایەوە، ئەوسا بیریان بکەوێتەوە ئەرێ خۆ وەزارەتی کاروباری ژنانی تێدا نییە!!

بۆ کارکردن لەئێستاوە بۆ داهاتوو گرنگە نەك لەئێستادا بتەوێت دۆخێك بگۆڕێت کە رابردووە.